هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مديرية الشؤون القانونية


No: ژمارە: ٢/ ١٠١٣٢
Date: ڕێکەوت: ٩ / ٧ / ٢٠١٩ ی زاینی
٢٠/ ٤ / ٢٧١٩ ی کوردی

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٩)

## ڕێنمایی خوێندنی دکتۆرا بە شێوازی سپلت سایت (Split- site) لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان

پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی لیژنەی پێکهاتوو بە فەرمانی وەزاری ژمارە (٧٦٣١) لە (٢٠١٨/٦/١٢) تایبەت بە پێداچوونەوە بە ڕێنماییەکانی خوێندنی دکتۆرا بە شێوازی سپلت سایت (Split- site) لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان و دوای وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی زانکۆکان، بڕیاردرا بە پێداچوونەوەی ڕێنماییەکە و دەرکردنی بەم شێوەیەی خوارەوە:

**تەوەری یەکەم/ مەرج و ڕێنماییەکانی وەرگرتن و ڕێکخستنی پێشبڕکێ لە نێوان پێشکەشکاران و پێوەرەکانی سیستمی خاڵبەندی:-**

**١- تێکڕای نمرە (معدل)ی بەکالۆریۆس:**

أ- مەرجە پێشکەشکار تێکڕای نمرە (معدل)ی لە (٦٠%) کەمتر نەبێت یان لە چارەگی یەکەمی دەرچووانی خولی یەکەمی سەر بەشی زانستی بێت، (جگە لە دەرچووانی کۆلێژەکانی پزیشکی و پزیشکی ددان و دەرمانسازی، کە ڕەچاوی تێکڕای نمرەیان بۆ ناکرێت). لە کاتی پێشبڕکێدا خاڵەکانی تێکڕای نمرە بەم شێوەیە ئەژمار دەکرێت: تێکڕای نمرەی (٦٠%) هیچ خاڵ وەرناگرێت واتە (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت ( بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکار تێکڕای نمرەکەی (٦٥%) شەست و پێنج بوو ئەوا (٥) پێنج خاڵ وەردەگرێت، ئەو خوازیارانەی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسیان کەمترە لە (٦٠%) بەڵام لە چارەگی یەکەمی دەرچووانی خولی یەکەمی سەر بەشی زانستین ئەوا هیچ خاڵ وەرناگرن).

ب- سەبارەت بەو خوازیارانەی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆسیان لە (٦٠%) کەمترە و دواتر بڕوانامەی دبلۆمی باڵای یەک ساڵەی ئەکادیمیان پێش ساڵی خوێندنی (٢٠١٠-٢٠١١) بەدەستهێناوە و لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس + تێکرای نمرەی دبلۆمی باڵا خوێندنی ماستەریان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان تەواو کردووە، ئەوا بۆیان هەیە پێشکەشی خوێندنی دکتۆرا بکەن. سەبارەت بە چۆنیەتی ئەژمارکردنی خاڵ بۆ چوونە ناو پێشبڕکێ ئەوا بە کۆکردنەوەی تێکرای نمرەی بەکالۆریۆس (٤٠%) + تێکرای نمرەی دبلۆمی باڵا (٦٠%) وەکو نمرەی بەکالۆریۆس بۆیان ئەژمار دەکرێت، واتە تێکڕای نمرەی (٦٠%) هیچ خاڵ وەرناگرێت و (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت.

**٢- تێکڕای نمرە (معدل)ی ماستەر:**

خوازیار مەرجە تێکڕای نمرەی ماستەری لە (٧٠%) کەمتر نەبێت بۆ پێشکەشکردن، بۆیە تێکڕای نمرەی (٧٠%) هیچ خاڵ وەرناگرێت، واتە (٠) سفر (خاڵ) ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەک (١) یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت، (بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکار تێکڕای نمرەکەی (٧٥%) حەفتا و پێنج بوو ئەوا (٥) پێنج خاڵ وەردەگرێت).

**٣- مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن:**

أ. بۆ بواری زانستە مرۆڤایەتیەکان (جگە لە بواری زمانی ئینگلیزی و وەرگێران) مەرجە خوازیار ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی (5ی IELTS Academic)ی پێنجی ئایلتسی ئەکادیمی یان نمرەی (56ی TOEFL-iBT) یان نمرەی (495ی TOEFL-PBT) یاخود (Pearson Academic- PTE 47) یاخود بڕوانامەی (Intermediate)ی بە پێی ناوەڕۆکی فەرمانی وەزاری ژمارە (١٩١٩) لە (٢٠١٨/١٢/١٢) یان هەر فەرمانێکی دیکە کە لە داهاتوو دەربچێت لە سێنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکانی ڕێگەپێدراو کە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (AMIDEAST)ی ئەمریکی بەڕێوەدەچێت لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکرن هەبێت، بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نییە. لە کاتی پێشبڕکێدا خاڵەکانی مەرجی زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیە ئەژمار دەکرێت: هەبوونی (٥)ی ئایلتس و بەرامبەرەکانی هیچ خاڵ وەرناگرێت واتە (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نیو نمرەیەک یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت ( بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکار لە تاقیکردنەوەی (IELTS) (٥.٥)ی هەبێت، ئەوا (١) یەك خاڵ وەردەگرێت).

هەروەها بۆ بواری (زانستە پەتی و سروشتی و تەطبیقی و پزیشکیەکان و زمانی ئینگلیزی و وەرگێران) مەرجە خوازیار ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی نمرەی (6ی IELTS Academic) شەشی ئایلتسی ئەکادیمی و یان نمرەی (72ی TOEFL-iBT) یان نمرەی (541ی TOEFL-PBT) یاخود (58ی PEARSON Academic-PTE ) یاخود بڕوانامەی (Advanced)ی بە پێی ناوەڕۆکی فەرمانی وەزاری ژمارە (١٩١٩) لە (٢٠١٨/١٢/١٢) یان هەر فەرمانێکی دیکە کە لە داهاتوو دەربچێت لە سێنتەرەکانی زمانی زانکۆ حکومیەکانی ڕێگەپێدراو کە بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی (AMIDEAST)ی ئەمریکی بەڕێوەدەچێت لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکرن هەبێت، بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نییە. لە کاتی پێشبڕکێدا خاڵەکانی مەرجی زمانی ئینگلیزی بەم شێوەیە ئەژمار دەکرێت: هەبوونی (٦)ی ئایلتس و بەرامبەرەکانی هیچ خاڵ وەرناگرێت واتە (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نیو نمرەیەک یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت ( بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکار لە تاقیکردنەوەی (IELTS) (٧)ی هەبێت، ئەوا (٢) دوو خاڵ وەردەگرێت).

ب. سەبارەت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی نێودەوڵەتی توانستی زمانی ئینگلیزی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە وەکو (IELTS ، TOEFL، Pearson Academic-PTE) تەنها لە سێنتەرەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) ، هەروەها وڵاتانی (ئەمریکا و بەریتانیا و کەنەدا و نیوزلەندا و ئوستراليا)کاری پێدەکرێت، بە پێچەوانەوە کاری پێناکرێت.

ج. پێویستە لەسەر زانکۆکان ڕاست و دروستی (صحة صدور) بۆ بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی تاقیکردنەوەکانی (IELTS و TOEFL و PEARSON Academic-PTE )ی پێشکەشکاران بکەن.

د. سەبارەت بە تاقیکردنەوەی زمانی ئینگلیزی وەکو (IELTS ، TOEFL، Pearson Academic-PTE) پێویستە ماوەکەی بەسەر نەچووبێت و بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ (لەسەر بنەمای ڕێکەوتی تاقیکردنەوە) ئەژمار دەکرێت.

ه. ئەو پێشکەشکارانەی هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس و ماستەرن لە پسپۆڕی زمانی ئینگلیزی و وەرگێڕان)، هەمان مەرجی ناوەڕۆکی خاڵی (أ)ی سەرەوەیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

**٤- هەڵسەنگاندنی توانستی زانستی پێشکەشکار:**

لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕی زانستی کە سەرپەرشتیاری ناوخۆیی و دەرەکی و (٣) سێ پسپۆڕی تر چاوپێکەوتن بۆ پێشکەشکارەکان ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی توانستی زانستی پێشکەشکار کە (١٥) نمرەی وەکو خاڵبەندی بۆ تەرخان دەکرێت و باکگراوندی زانستی پێشکەشکار دەکرێتە پێوەری پێدانی نمرە.

**٥- مەرجی تەمەن:**

أ - میچ (سقف)ی تەمەن مەرجە بۆ پێشکەشکردن، بەڵام هیچ خاڵی بۆ چوونە پێشبرکێ بۆ تەرخان ناکرێت، واتە نابێت تەمەنی خوازیار لە (٥٥) پەنجاو پێنج ساڵ (لەسەر بنەمای ساڵی لەدایکبوون) زیاتر بێت بۆ مامۆستایانی زانکۆ و کارمەندانی سەر بە داموودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە کاتی پێشکەشکردندا. سەبارەت بە پێشکەشکارانی دەرەوەی دامودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ڕەچاوی میچ (سقف)ی تەمەنیان بۆ ناکرێت لەبەر ئەوەی شێوازی خوێندنەکەیان بە پاراڵێل دەبێت.

ب- ئەو مامۆستا و کارمەندانەی سەر بە داموودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستین و تەمەنیان زیاترە لە (٥٥) پەنجا و پێنج ساڵ، بۆیان هەیە پێشکەش و بەشداری پێشبڕکێ بە هەمان پێوەرەکانی سیستمی پاراڵێل بکەن.

**٦- مەرجی ساڵانی خزمەت:**

أ- بۆ خوازیارانی دامەزراو (واتە فەرمانبەری هەمیشەیی بن لە یەکێک لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، پێشکەشکار مەرجە (٢) دوو ساڵی تەواوی خزمەتی فیعلی دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و دامەزراندنی هەبێت تا ڕێکەوتی دەستپێکردن بە خوێندنی دکتۆرا، بە پێچەوانەوە مافی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندنی نابێت. بۆیە هیچ خاڵ تەرخان ناکرێت بۆ ئەو پێشکەشکارەی کە دوای تەواوکردنی خوێندنی ماستەر تەنها (٢) دوو ساڵ خزمەتی فیعلی هەیە، بەڵام بە زیادبوونی هەر ساڵێکی خزمەت ئەوا (١) یەک خاڵی بۆ زیاد دەکرێت و خزمەتی مانگیش دوای دووساڵەکە بە پۆینت بۆی ئەژمار دەکرێت بۆ وەرگرتنی خاڵ، واتە ئەگەر پێشکەشکار دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر (٧) حەوت ساڵ خزمەتی فیعلی تەواوی هەبێت ئەوا (٥) پێنج خاڵ وەردەگرێت بۆ بەشداریکردنی لە پێشبڕکێ، بە مەرجێک کۆی گشتی خاڵەکانی ساڵانی خزمەت لە (١٠) دە خاڵ زیاتر نەبێت.

ب- ئەو خوازیارانەی کە دانەمەزراون لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبێ هەبوونی مەرجی دوو ساڵ دەرچوون و تێپەڕین بەسەر بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر مافی پێشکەشکردنیان هەیە و پێویستە بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکەن کە لە هیچ دامودەزگایەکی میری دانەمەزراون.

**٧- بڵاوکراوەی زانستی و داهێنانی زانستی (براءة الأختراع):**

أ- بۆ هەر توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە یان پەسەندکراو بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤارێکی زانستی باوەڕپێکراو کە فاکتەری کاریگەری (Impact Factor)ی هەبێت بە مەرجێک لە (Clarivate analytics) ئیندێکس کرابێت، ئەوا (٧) حەوت خاڵ بە پێشکەشکار دەدرێت بەبێ ڕەچاوکردنی ڕیزبەندی توێژەران، بە مەرجێك دوای بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرەکەی بێت و لە نامەی ماستەرەکەی هەڵێنجراو (مستل) نەبێت.

ب- بۆ هەر توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە یان پەسەندکراو بۆ بڵاوکردنەوە لە گۆڤارێکی زانستی باوەڕپێکراو (معتمد یان محكم) (٥) پێنج خاڵ بە پێشکەشکار دەدرێت تەنها بۆ توێژەرنی یەکەم و دووەم و سێیەم، بە مەرجێك دوای بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەرەکەی بێت و لە نامەی ماستەرەکەی هەڵێنجراو (مستل) نەبێت.

ج- داهێنانی زانستی (براءة الأختراع) بە هەمان شێوەی توێژینەوەی زانستی (٥) پێنج خاڵ وەردەگرێت بەو پێشکەشکارەی کە (براءة الأختراع)ی وەرگرتووە بە مەرجێك لە گۆڤارێکی زانستی بڕواپێکراو بڵاویکردبێتەوە.

د- کۆی گشتی میچ (سەقف)ی وەرگرتنی خاڵ لە توێژینەوەی زانستی و داهێنانی زانستی (براءة الأختراع) بریتی دەبێت لە (٢٥) بیست و پێنج خاڵ بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕکێ، واتە نابێت لە (٢٥) خاڵ زیاتر بێت.

**٨- هەگبەی مامۆستا و زانستخوازی بەردەوام:**

أ- نمرەی دوایین ساڵی خوێندن لە هەگبەی مامۆستا دەبێتە پێوەر بۆ وەرگرتنی خاڵ، بۆ نمونە ئەگەر خوازیار (٤) چوار نمرەی لە هەگبەی مامۆستا هەبێت ئەوا (٤) چوار خاڵی پێ دەدرێت، ئەگەر (٣،٥) سێ و نیوی هەبوو لە هەگبەی مامۆستا ئەوا (٣،٥) سێ خاڵ و نیوی پێدەدرێت، سەبارەت بە نمرەکانی تر بە هەمان ئەو بنەمایە ئەژمار دەکرێت.

ب- نمرەی دوایین ساڵی خوێندنی زانستخوازی بەردەوام جارانی (٥%) سەدا پێنج دەکرێت بە شێوەی (النسبة والتناسب)، نمرە دابەشکراوەکە دەبێتە خاڵی وەرگرتن بۆ چوونە پێشبرکێ و پۆینت ئەژمار دەکرێت، بۆ نمونە ئەگەر نمرەی (٨٠)ی لە زانستخوازی بەردەوام هەبوو ئەوا (٤) چوار خاڵی پێدەدرێت، ئەگەر (٦٥)ی لە زانستخوازی بەردەوام هەبوو ئەوا (٣،٢٥) خاڵ وەردەگرێت، ئەگەر نمرەی (٥٠) پەنجای هەبوو ئەوا (٢،٥) خاڵ وەردەگرێت، سەبارەت بە نمرەکانی تر بە هەمان ئەو بنەمایە ئەژمار دەکرێت.

<u>تێبینی</u>/ کۆی خاڵەکان بۆ ئەو پێوەرانەی سەرەوە دەبێتە کۆی خاڵەکانی پێشکەشکار و ڕیزبەندی خاڵەکانی پێشبرکێ. لە حاڵەتێکدا ئەگەر دوو پێشکەشکار لە پێشبرکێ هەمان نمرەیان بەدەستهێنابوو، ئەوا ئاستی زمانی ئینگلیزی و ژمارە و فاکتەری کاریگەری (Impact Factor)ی توێژینەوە بڵاوکراوەکانیان دەبێتە پێوەری یەکلاکەرەوە.

**تەوەری دووەم/ مەرج و پێداویستی کردنەوەی خوێندنی دکتۆرا:-**

١- بۆ کردنەوەی خوێندنی دکتۆرا بە شێوازی سپلت سایت لە هەر بەشێکی زانستی مەرجە (١) یەك پرۆفیسۆر + (٣) سێ پرۆفیسۆری یاریدەدەر یاخود (٥) پێنج پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەبێت کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بن و پسپۆڕیان لە هەمان بواری بەشەکە بێت و مەرجیشە ئەو بەڕێزانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەشی زانستی بن یان خانەنشینکراو بن لە هەمان ئەو بەشە، لێرەدا پێویستە ئەو بەڕێزانە کە ستافی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی تر.

٢- سەبارەت بە کردنەوەی خوێندنی دکتۆرا لە بەشە هاوشێوەکانی هەمان زانکۆ وەکو (کوردی و کوردی، عەرەبی و عەرەبی، ئینگلیزی و ئینگلیزی، کیمیا و کیمیا...هتد) دەکرێت ستافی هەردوو بەشەکە لە کاتی هەبوونی مەرجەکانی خاڵی (١)ی سەرەوە خوێندنی دکتۆرا بکەنەوە.

٣- سەبارەت بە پسپۆڕی کۆمەڵەی پزیشکی، مەرجەکانی خاڵی (١)ی سەرەوە لەسەر ئاستی (کۆلێژ/ سکوڵ/فاکەڵتی) ئەژمار دەکرێت.

٤- پرۆپۆزەڵی توێژینەوە بۆ خوێندنی دکتۆرا بە پێی فۆرمی هاوپێچکراوی ئەم ڕێنماییە لەلایەن ئەو مامۆستایانەی مەرجی سەرپەرشتیکردنیان بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦) تێدا هەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرپەرشتیاری دەرەکی ئامادە دەکرێت و پێشکەش بە بەشی زانستی دەکرێت، پێویستە پرۆپۆزەڵەکان لەسەر بنەمای پێویستی هەرێمی کوردستان و ڕەنگدانەوەی چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتەکانی کوردستان و خزمەت کردن بە ڕەوتی زانست لە کوردستان بە ئامانجی بەستنەوەی زانکۆ و کۆمەڵگا بە یەکتر و ...هتد، هەروەها پێویستە پرۆپۆزەڵەکان لە لایەن لیژنەی زانستی بەش پەسەند کرابێت و دواتر زانکۆکان وێنەیەکی پرۆپۆزەڵەکان ڕەوانەی وەزارەت دەکەن بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی هاوەڵانە (Peer Review) بە ڕاوێژکردن لەگەڵ پسپۆڕ و شارەزایانی ئەو بوارە، مەرجە لەم سیستەمەدا سەرپەرشتیاری دەرەکی هەبێت.

٥- مەرجە سەرپەرشتیاری زانکۆ دەرەکییەکە، زانکۆیەکی ئاست بەرز بێت کە ڕیزبەندی زانکۆکە لە ڕیزبەندی زانکۆ جیهانیەکان لە (٢٠٠٠) دوو هەزار زیاتر نەبێت لە هەمان ساڵی پێشکەشکردن بە پێی ئەو سیستەمە ڕیزبەندیەی کە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێت.

٦- ماوەی خوێندنی دکتۆرا لەم سیستەمەدا بریتیە لە (٤) چوار ساڵ، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆلیژە کە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری یەکەم بە مووچە ماوەکە درێژ بکاتەوە و لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆیە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری دووەم بە

مووچە ماوەکە درێژ بکاتەوە، لە کاتی پێویستدا دەکرێت ڕەزامەندی وەزارەت وەربگیرێت بۆ درێژکردنەوە بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ بۆ جاری سێیەم بەبێ مووچە (کە دوایین درێژکردنەوەیە). بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکار فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقين القيد)ی لە خوێندن بۆ دەردەچێت. لە حاڵەتێکدا ئەگەر قوتابی/خوێندکار لە ماوەی (٣) سێ ساڵ توانی سەرجەم ڕێکارەکانی پێداویستی وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا تەواو بکات، ئەوا دەتوانێت بە (٣) ساڵ خوێندنەکە تەواو بکات.

-٧ بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەت لە کۆبوونەوەی ژمارە (٥) لە ڕێکەوتی (٢٠١٥/٦/٢٩) ئەنجامدرا ڕەزامەندی دراوە لەسەر کردنەوەی خوێندنی باڵا/دکتۆرا لە دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی بە هاوبەشی لەگەڵ یەکێک لە زانکۆکان، وە بڕوانامەی دکتۆرا لە لایەن دەستە و زانکۆکە بەهاوبەشی دەدرێت لۆگۆ (ئارم)ی هەردوو لای لەسەر دەبێت.

-٨ وەرگرتنی قوتابیان و خوێندکاران لە بۆردی کوردستانی بۆ پسپۆریە پزیشکیەکان (کە هاوتایە بە بڕوانامەی دکتۆرا) بە پێی ئەو ڕێنماییانە دەبێت کە لە لایەن ئەنجومەنی بۆردەوە پێشنیاز کراوە و لە لایەن وەزارەتەوە پەسەند کراوە.

**تەوەری سێیەم/ سەبارەت بەو خوازیارانەی کە دانیشتووی شارەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراقن یاخود هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نین:**

١- هاوڵاتی عێراقی دانیشتووی دەرەوەی هەرێمی کوردستان مافی پێشکەشکردنی بۆ خوێندنی دکتۆرا هەیە بە سیستمی پاراڵێل.

٢- سەبارەت بەو خوازیارانەی کە دانیشتووی دەرەوەی عێراقن (واتە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نین) واتە پێشکەشکاری نێودەوڵەتین، ئەوا مافی پێشکەش کردنیان بۆ خوێندنی دکتۆرا هەیە و لە کاتی دەستەبەرکردنی مەرجە زانستیەکاندا ڕاستەوخۆ بە سیستمی پاراڵێل وەردەگیرێن و ناچنە پێشبرکێ، مەبەست لەم هەنگاوەش بریتیە لە هاندانی پێشکەشکاری نێودەوڵەتی بۆ مەبەستی ئەنجامدانی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پێشکەشکار بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ بدات کە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی نییە.

**تەوەری چوارەم : پێداویستییە زانستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا:**

-١ وەرگرتنی کۆرسەکان: لە لایەن سەرپەرشتیاری ناوەوە و دەرەوەی وڵات دەستنیشان دەکرێت، لە حاڵەتی هەبوون و پێویستی وەرگرتنی کۆرس (Module) ئەوا پێویستە کاندیدی دکتۆرا لە ساڵی یەکەمی خوێندنەکەیدا کۆرسەکانی دکتۆرا (ECTS 20) وەربگرێت کە بریتی دەبێ لە کۆرسی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە و پسپۆڕی وردی خوێندنەکە کە بابەتەکانی کۆرسەکان پەیوەندی بە پرسیاری زانستی توێژینەوەکە دەبێت.

-٢ شێوازی کۆرسی ئەکادیمی خوێندنی دکتۆرا لەسەر شێوازی سیستمی بۆلۆنیا پرۆسێس دەبێت و دواتر ووردەکاری شێوازی خوێندنی کۆرسەکە و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی خوێندنی دکتۆراکە بە فەرمانی وەزاری دەردەچێت.

-٣ مەرجە قوتابی/ خوێندکاری دکتۆرا لە تاقیکردنەوەی کۆرسەکاندا نمرەکەی لە (٦٠%) کەمتر نەبێت لە هەر یەک لەو بابەتانە و لە کۆتایی کۆرسەکاندا تێکرای نمرە (معدل)ی لە (٧٠%) کەمتر نەبێت، بە پێچەوانەوە بە پێی ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا فەرمانی زانکۆیی سڕینەوەی ناو (ترقين القيد)ی بۆ دەردەکرێت.

-٤ مەرجە لە ماوەی خوێندنەکەیدا قوتابی/ خوێندکاری گشت بوارەکانی (زانستە پەتی و سروشتی و تەطبیقی و پزیشکی و مرۆڤایەتیەکان..هتد) بە لایەنی کەم (١٢) دوانزە مانگ کەمتر نەبێت بچێتە زانکۆیەکی دەرەوەی وڵات بە پێی خاڵی (٥)ی (تەوەری دووەم)ی ئەم ڕێنماییە و هەروەها لایەنی دارایی سەردانەکە لە ئەستۆی بودجەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەلەکە دەبێت، کە ئەمەش بە ڕەزامەندی فەرمی لە نێوان سەرپەرشتیاری ناوخۆ و سەرپەرشتیاری دەرەکی دەبێت، بە مەبەستی ئاشنابوون بە سیستمی ئەو جۆرە خوێندنە و ئەنجامدانی بەشێک لە توێژینەوەکەی لەو زانکۆ دەرەکیەکە.

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
دەرکردە

٥- قوتابی/ خوێندکاری دکتۆرا لە سەرجەم بوارەکانی (زانستە مرۆڤایەتی و پەتی و سروشتی و تەطبیقیەکان و زانستە پزیشکیەکان) مەرجە پێش تاوتوێکردنی تێزی دکتۆراکەی (٢) دوو توێژینەوەی زانستی هەڵێنجراو لە تێزی دکتۆراکەی بڵاوبکاتەوە کە توێژینەوەی یەکەمیان لە گۆڤارێکی نێودەوڵەتی کە فاکتەری کاریگەری (Impact Factor) هەبێت بە مەرجێک لە ( Clarivate analytics) ئیندێکس کرابێت بڵاوبکاتەوە، توێژینەوەی دووەم لە گۆڤارێکی (محكم يان معتمد)ی دانپێدانراوی ناوخۆیی یاخود دەرەکی بڵاوبکاتەوە.

٦- پێویستە تێزی دکتۆرا بەشدارییەکی ڕەسەن بێت لە بەرهەمهێنانی مەعریفە لە بوارەکەیدا و هەڵسەنگاندنیش بریتی دەبێت لە گفتوگۆی زانستی تێزەکە لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە.

٧- کۆی گشتی ژمارەی یەکەکانی دکتۆرا کە پێك دێت لە کۆڕسی خوێندن و تێزی دکتۆرا بە پێی سیستمی بۆلۆنیا پرۆسێس دەبێت بریتی دەبێت لە نێوان (ECTS 180 بۆ ECTS 240).

٨- مەرجە جگە لە سەرپەرشتیاری ناوەوە، سەرپەرشتیاری دەرەکی بەشداربێت لە تاوتوێکردنی تێزی دکتۆرای قوتابی/خوێندکار بە شێوەی بەشداریکردنی کرداری یاخود بە شێوەی ڤیدیۆ کۆنفرانس.

٩- سەرپەرشتیاری ناوەوە بۆی هەیە بۆ ماوەی (١) یەك هەفتە بچێتە زانکۆ دەرەکیەکە بە شێوەی شاندکردن (ئیفاد) بە مەبەستی بەدواداچوونی پرۆژەکە و کارەکانی قوتابی/خوێندکارەکە و خەرجی شاندکردنەکە لەسەر بودجەی زانکۆ دەبێت و ناکەوێتە سەر ئەستۆی قوتابی/خوێندکار.

**تەوەری پێنجەم : تێبینیە گشتییەکان**

١- ئەم خوێندنە بە خوێندنی ناوخۆ دادەنرێت و سەرجەم مەرج و ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار بە خوێندنی دکتۆرای ناوخۆ لە زانکۆکانی کوردستان لەسەر قوتابی/خوێندکار جێبەجێ دەکرێت بە مەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم ڕێنماییە.

٢- مەرجە پێشکەشکار بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەری لە هەمان بەشی زانستی هەبێت بە پێچەوانەوە مافی پێشکەشکردنی نیە و هەروەها پێویستە پێشکەشی هەمان بەش و پسپۆڕی خوێندنی ماستەرەکەی بکات.

٣- بە پێی ئەم ڕێنماییە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر لە داموودەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و هەروەها داموودەزگاکانی دەرەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەتوانن داواکاری بۆ ئەم خوێندنە پێشکەش بکەن بە پێی تەوەری شەشەم و حەوتەمی ئەم ڕێنماییە.

٤- کاندیدانی خولی دووەم و سێیەمی بەرنامەی تواناسازی مرۆیی بۆ خوێندنی دکتۆرا ئەوانەی تا ئێستا مامەڵەکانیان پرۆسێس نەکراوە و سەفەری دەرەوەیان نەکردووە بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن بە خوێندن، دەتوانن داواکاری پێشکەش بکەن، ئەگەر لە پێشبڕکێ سەرکەوتوو بن و بە فەرمی وەرگیران ئەوا ناویان لە لیستی کاندیدانی تواناسازی دەسڕێتەوە، بەڵام ئەگەر وەرنەگیران ئەوا مافیان وەك کاندیدی تواناسازی پارێزراو دەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێشکەشکار پێویستە لە (وەزارەتی خوێندنی باڵا/ فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندیە ڕۆشنبیرییەکان) نووسراوی فەرمی بهێنێت کە مامەڵەکەی پرۆسێس نەکراوە و سەفەری دەرەوەی نەکردووە بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن بە خوێندن.

٥- ئەو کاندیدانەی بە پێی پرۆگرامی تواناسازی مرۆیی نێردراوان بۆ دەرەوەی وڵات و یان بە هەر شێوازێکی تر وەکو (بعثات) و (زمالات) لە ئێستادا گەڕاونەتەوە و خوێندنیان تەواو نەکردووە بە هۆکاری جیا جیا، یان بە هەمان شێوە لە ناوەوەی وڵات خوێندنیان تەواو نەکردووە و سڕینەوەی ناو (ترقين قيد) کروان بە هۆکاری جیا جیا، مافی پێشکەشکردنیان نییە تا تێپەربوونی (٣) سێ ساڵ بەسەر گەڕانەوەیان و یان تێپەربوونی (٣) سێ ساڵ بەسەر ڕێکەوتی فەرمانی سڕینەوەی ناو (ترقين قيد)یان.

٦- هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکردن وەرناگیرێت، ئەگەر سەرجەم دۆکیۆمێنتەکان تەواو نەبن تا دوایین ڕۆژی پێشکەشکردن، بە پێچەوانەوە خوازیار مافی پێشکەشکردنی نابێت، یاریدەدەری سەرۆک زانکۆکان بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا بەرپرسیارن لە وردبینی کردنی دۆکیۆمێنتەکان و دەستنیشانکردنی لیستی ئەو پێشکەشکارانەی کە مافی پێشکەشکردنیان هەیە، هەروەها لیژنە تایبەتەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی چاودێری و وردبینی پرۆسەی پێشکەشکردن دەکەن.

٧- مۆڵەتی خوێندنی دکتۆرا بە شێوازی سپلت سایت لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەی مۆڵەتی خۆتەرخانکردنی تەواو (تفرغ تام) دەبێت، تەنها ئەو پێشکەشکارانەی خاوەن نازناوی زانستی هەمیشەیین (ئەندامی دەستەی وانەوتنەوەن) و لەسەر میلاکی دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەوام دەکەن، ئەوا مۆڵەتەکەیان بە شێوەی خۆتەرخانکردنی نیمچەیی (تفرغ جزئی) دەبێت بە پێی بڕگەی (١٢) لە ماددەی (٧) لە یاسای ڕاژەی زانکۆیی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠٠٨).

٨- بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەت مامەڵە لەگەڵ پۆینت ناکرێت بۆ مەبەستی پێشکەشکردن. ( واتە نمرەکان جبر ناکرێن).

٩- بە هیچ شێوەیەك ناكرێت قوتابی/ خوێندکاری دکتۆرا خوێندنەکەی بگوازێتەوە بۆ زانکۆیەکی دیکەی ناوەوەی هەرێم یاخود دەرەوەی هەرێم و دەرەوەی وڵات، یان بە پێچەوانەوە.

١٠- پێویستە ئەو پێشکەشکارەی کە دانەمەزراوە بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکات کە لە هیچ فەرمانگەیەکی حکومی دانەمەزراوە، ئەگەر زانیاری نادروستی دا بێت ئەوا هەموو بەرپرسیارەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ و سڕینەوەی ناو (ترقين قيد) دەکرێت لە خوێندن.

١١- بە هیچ شێوەیەک یەدەگ (إحتياط) لە خوێندنی باڵا بوونی نیە، بەڵکو تەنها کاندید و وەرگیراو بوونی هەیە.

١٢- پێویستە لە کاتی بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرا، ئاماژە بە ناوی زانکۆی دەرەکی پەیوەندیدار بە سەرپەرشتیاری دەرەکی بکرێت لەگەڵ ئاماژەکردن بە ناونیشانی تێزی دکتۆراکە.

**تەوەری شەشەم: پلان و ژمارەی کورسیەکانی دکتۆرا:**

أ- دوای دەرچوونی ئەم ڕێنمایە، وەزارەت بە فەرمی داوای پلان لە زانکۆکان دەکات، زانکۆ هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی پلانی خوێندنی دکتۆرا بە پێی ڕێنماییەکان و ژمارەی کورسیەکان دیاری دەکات و لە لایەن ئەنجومەنی زانکۆکەوە پلانی خوێندنی دکتۆرا و ژمارەی کورسیەکان پەسەند دەکرێت و دواتریش لە لایەن وەزارەت پلان و ژمارەی کورسیەکان و پرۆپۆزەڵەکان پەسەند دەکرێت، ژمارەی کورسیەکان لەسەر بنەمای ژمارەی پرۆپۆزەڵەکان لە هەر بەشێکی زانستی ئەژمار دەکرێت، دواتر پرۆپۆزەڵ و ناونیشانی پرۆپۆزەڵەکان لە قۆناغی پرۆسەی پێشکەشکردن بە شێوەیەکی فەرمی لە تابلۆی ئاگاداری سەرۆکایەتی بەش و لەسەر وێبسایتی فەرمی زانکۆ بۆ ماوەی (٢) دوو هەفتە رادەگەیەنرێت.

ب- پێشکەشکردن لەسەر پرۆپۆزەڵەکان بە شێوەی سەرتاسەری دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا وەردەگیرێت.

**تەوەری حەوتەم: سەبارەت بە لایەنی دارایی خوێندن:**

١. ئەم جۆرە خوێندنە بە شێوازی پاراڵیل دەبێت و پێشکەشکردن لەسەر پرۆپۆزەڵەکانی پاراڵیل بە شێوەی سەرتاسەری دەبێت و ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا وەردەگیرێت و کرێی خوێندن لە لایەن سەرپەرشتیارانی ناوخۆیی و دەرەکی و سەرۆکایەتی بەش دیاری دەکرێت و خەرجی خوێندنەکە لە ئەستۆی قوتابی/خوێندکار دەبێت کە بریتییە لە (کرێی خوێندنی زانکۆی ناوخۆ + کرێی خوێندن لە زانکۆی دەرەوەی وڵات + خەرجی سەفەرکردن و بژێوی ژیانی قوتابی/خوێندکار لە زانکۆی دەرەوەی وڵات) و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە وەکو هەنگاوی یەکەم پێشکەشکار لەگەڵ دەستنیشانکردنی وەکو کاندیدی سەرکەوتوو بڕی (٢٥,٠٠٠$) بدات بە زانکۆ کە دەخرێتە ناو ژمێرەیەکی تایبەت بە کاندیدەکە، بە پێچەوانەوە لە کاتی نەدانی ئەو بڕە پارەیە فەرمانی وەرگرتن لە خوێندنی بۆ

دەرناکرێت و خوێندنەکەی هەڵدەوەشێتەوە. دواتر لەم برە پارەیە خەرجیەکانی خوێندن خەرج دەکرێت و ئەگەر تێچووی خوێندنەکە زیاتر بوو ئەوا دەکەوێتە سەر ئەستۆی قوتابی/خوێندکار و ئەگەر کەمتر بوو ئەوا پارەی ماوە لەو برەی سەرەوە بۆ کاندیدەکە دەگەڕێندرێتەوە. سەبارەت بە خەرجی سەرپەرشتیاری ناوخۆ و تاوتوێکردنی تێزی دکتۆرا ئەوا بە پێی ڕێنمایە دارایە کارپێکراوەکان دەبێت و ناکەوێتە ئەستۆی قوتابی/خوێندکار.

٢. زانکۆکان دەتوانن بە پێی پێویست و هەبوونی بودجەی دارایی، کورسی بە خۆرایی تەنها بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی میلاکی هەمیشەیی سەر بە دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا بکەنەوە. بەڵام لێرەدا پرۆسەی پێشکەشکردن سەرتاسەری دەبێت بۆ گشت مامۆستایان و فەرمانبەرانی سەر بە دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، نەوەك تەنها بۆ کاندیدانی زانکۆکە، ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا ئەوا دەبێتە کاندیدی سەرکەوتوو.

**تەوەری هەشتەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت و هەر ڕێنماییەکی تر لەمەو پێش دەرچووە کە ناکۆك و پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە، ئەوا کاری پێناکرێت.

Ministry of Higher Education & Scientific Research 2006 KRG Iraq وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەرکردە

**هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە**

لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و گەشەپێدانی زیاتری خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان و پەرەپێدانی ڕەهەندی نێودەوڵەتی لە بەرهەمهێنانی مەعریفەدا، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕێنمایی خوێندنی دکتۆرای بە شێوازی سپلت سایت (Split-Site) دەرکرد، ئامانج لەم ڕێنماییە بریتیە لە ڕەخساندنی هەلی ئەم شێوە خوێندنە بە ڕەچاوکردنی پرۆسەی بەرزڕاگرتنی کوالێتی خوێندن و توێژینەوەی زانستی.

د. یوسف گۆران
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

<u>**وێنەیەک بۆ:-**</u>
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی داد / ڕۆژنامەی وە قایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی / لەگەڵ ڕیزدا.
- ڕاوێژکاری جەنابی وەزیر بۆ کاروباری خوێندنی باڵا/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕیزدا.
- ڕاوێژکاری جەنابی وەزیر بۆ کاروباری تواناسازی/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕیزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆڕییە پزیشکییەکان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی ، لەگەڵ بەرایییەکان .
- دەرکردە خولاو .